حەکیم: عێراق هەوڵی زۆر دەدات لە بوارەکانی ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاری و بیناسازییدا

سەرۆکی ووتی حیکمەتی نیشتمانی عەمار حەکیم دووپاتیکردەوە کە عێراق هەوڵی زۆر دەدات لە بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری و بیناسازیدا.

حەکیم لە بەیاننامەیەکدا وتی: ئەوارەی ئەمە لەگەڵ فابیان بەسارد، سەرۆکی سەنتەری کاروباری سیاسی و دەرەوە لە فەرەنسا کەبووینەوە و دوایین پەشهاتە سیاسییەکانی عێراق و ناوچەکەمان تاوتوێ کرد.

حەکیم ئاماژەی بە "گرنگی سەقامگیری ناوچەکە وەک پەشمەرجەک بە سەقامگیری جیهانی" کرد و جەختی لە "پەیوستی گفتوگۆ و یەکخستنی ڕەوتەکان لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە بە گەیشتن بە سەقامگیری خوازراو" کرد.

ناوبراو داوای کرد "گفتوگۆ لە سوریا بکرێت، هاوکات جەختی لەسەر ڕەزگرتن لە تایبەتمەندییەکانی وڵات و واقیعی دیمۆگرافی" کردووەتەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، "عێراق هەوڵی بەرچاو دەدات لە بوارەکانی ئاوەدانکردنەوە، خزمەتگوزاری، و بیناسازی، دوای بەدەستهێنانی سەقامگیری لەسەر چەند ئاستێک، لەوانە سیاسی، ئەمنی، و کەمایەتی. ئەم سەقامگیرییە دەرفەتی ڕەخساندووە بە پەشخستنی ئەولەویەتەکانی قەناغی ئێستا و داهاتوو، کە بریتییە لە پەشخستنی واقیعی خزمەتگوزاری و بیناسازی و گەشەپەداندا".